# پرۆژە پسێشنیاری ( بیکەر- هاملتۆن) و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان وهەڵوەستەیەك؟



**نوسینی: تەها سلێمان**
tahasleman17@yahoo.com

**سەرنج راکێش ترین گەمەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ، ئەو سرەوتە نابابەتی و نالۆژیکی یەیە کە هەمیشە خۆش خەیاڵەو زۆر زوو لە هاوکێشەی رووداو و پێشهاتەکاندا خۆبە دەستەوە دەدا. بە بینین و خورد کردنەوەیەکی تر ناکارایی و دەستە پاچەبوونی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ، کەزۆرتر لە هەمووڵایەك ئاراستەی ناسیۆنالستی تیایدا باڵا دەست بوە ، نەیتوانیوە فرەیی ڕەهەندی ڕووداو و پێشهاتەکان بەرخورد بکاو لێیانەوە ئەنجامگیری بەدەست بێنێ و بیکاتە پێوەری مامەڵەی لەگەڵ بابەتی دوو تووێیان . ئەم ڕەخنە بەڕادەی بابەتی بوون و ڕەوابوونی، لەلایەن سەرکردیەتی سیاسیەوە پشت گوێ خراوە، و بەدرێژایی مێژووی کەنارکەوتن یان باڵادەست بوون یاخود لاوازبوون و بەهێزبوونی سەرکردایەتی ناوبراو ، ئەوا گوێی لێنەگیراوەو بەڵکو لە زۆربەی کات و سەردەمەکاندا بە دێدێکی ناواقعی و دژەکوردستانی بوون چوێنراوە، ئالێرەوە ئەگەربمانەوێ دەتوانین لە دووتوێی پرۆژە پێشنیارەکەی بیکەر و هاملتۆندا، راستی و ناراستی ئەو قسە گەلانەی سەرەوە بسەلمێنین و ساغ بکەینەوە ...چۆن؟**

**دۆخی ڕاستەقینەی هاوکێشەی سیاسی عێراق و ململانێ و ئاراستە فرە جەمسەرو ترسناکەکانی، ناوخۆیی لەلایەك و هەرێمایەتی لەلایەکی تر و نێو دەوڵەتی لەلایەکی تر، کەرەستەی ئامادەکردنی پرۆژە پێشنیاری ناوبراون و توخم و رەگەزە بنەڕەتیەکانی پێك دێنن. لەواقیعدا کوردستان و کورد بەشێکن لەو دۆخەو ڕاستیش نیە ئەگەر بمانەوێ لەدەرەوەی سنوری ئەو هاوکێشەیە ئەژماری بکەین، بەڵکو ب پێچەوانەوە ئەژمارکردنی لەدەرەوەی سنوری هاوکێشەی ئەو ململانێیە، نابابەتی ترین دید و تێڕوانینمان لەلابەرجەستە دەکاو لەواقیعی پێشهات و ڕووداوو دورمان دەخاتەوە. بەڵام زۆر گرنگە بپرسین کوردستان لە کوێی ئەو پرۆژە پێشنیارەی بیکەر- هاملتۆندایە؟ ئایا کاریگەری سەرکردایەتی سیاسی کوردستان تائەو جێگایە کاریگەرە کە لە پرۆژە پێشنیارێکی وادا پشکی هەبێ و جێی ببێتەوە ؟ یان بە پێچەوانەوە خۆشخەیاڵی و ناکارایی وای کردووە ، ئەو پشکەی کە پێویستە هەیبێ ، پشتگوێ خراوە یان سڕاوەتەوە؟**

**من وای دەبینم کەیەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەوەیە قسەو ووتن لەسەر بنچینەی ڕووداو یان پێشهات وەرناگرێ و ناخوێنێتەوە، بەڵکو وەك کلتور و تەقلیدێکی**

لۆکاڵی مێژووی ڕابوردووی خودی بزوتنەوەکە ئاراستەیەکی هەیە لەسەری دەڕواو دەجوڵێ و کاردەکا، زۆر کۆڵە لە ئاست دەوروبەرو مامەڵەی لەگەڵ ئەگەری گرفت و کێشە گەلە چاوەڕوان کراوە کاندا. ئەوەتانێ سەرکردایەتی سیاسی لە لوتکەدا بە تەلەفۆنێك هەموو متمانەی خۆی دەبەخشێ و بڕوادەکا. کەچی دوای بلاوبونەوەی پرۆژە پێشنیارەکە (راپۆرت)ەکەی بیکەر- هاملتۆن، دەخیلە ئامان دەکەوینە گلەیی و ڕەخنە لە چانسی خۆمان یان لە ناپاکی ئامادەکەرانی پرۆژەکە دەگرین و دەبێژین ئەو ڕاپۆرتە یان پرۆژە پێشنیارەمان قبوڵ نیە. ئەمە تاسەر ئێسقان سیاسەت نەکردنە یان ڕوونتر سادەیی تێەگەیشتنە لەهونەری سیاسەت کردن و دورکەوتنەوەشە لە زانستی سیاسەت کردن لەسەرئاستی چەمکە مەعریفیەکەی . چونکە خودی هونەری سیاسەت کردن و چەمکە زانستیەکەی بە هەموو پێوەرە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتیەکان، ئەوەندەی بۆ بوێری و کارایی جوڵەو بیرکردنەوەکان و بەرخوردکردن و شیتەڵکردنی ڕووداو و پێشهات و ئەگەرەکانی چوارچێوەی و دەرەوەی، ملکەچە. ئەوەندە مل کەچ نیە بۆ مەزلومیەت و ماف و پێداویستیەکانی تۆ. ڕوونتر ئەوەی لە پرۆژە پێشنیارەکەی (بیکەر- هاملتۆن)داهاتووە، هەرلە (فەرامۆشکردنی واقعی کوردستان، مەسەلەی کەرکوك، مەسەلەی دەستور، مەسەلەی دەسەلاتی هەرێم، مەسەلەی نەوت و دابەشکردنی سەروەت و سامان و لە مەنگەدانی توانا و دەسەلاتی هەرێم، بایەخ دان بە ناسیونالیستە عەرەبیەکان و بەعسیەکان، هێنانە پێشەوەی ئیسلامیەتوندڕەوەکان، بەهێزکردنی دەسەلاتی ناوەند بەسەر دەسەلاتی هەرێم، هەوڵدان بۆ لەبەریەك هەڵوەشانەوەی کۆی پرۆتۆکۆڵەکانی پێشوو لەنێوان کوردو هێزە بالادەستەکانی تری عێراقدا، هەوڵدان بۆ گفت و گۆ لەگەڵ ئێران و سوریا، چاوشارکێ کردن لەگەڵ دەسەلاتی شۆڤینیانەی تورکەکان) و هتد....گۆڕان نین لە ستراتیژی ئەمریکا، بەڵکو جۆرێك لەسیاسەتکردنە و هەوڵە بۆ بەرجەستەکردنی و بەدەست هێنانی ئەو ئامانجانەی کە ڕیشەی سەرەکی خودی ستراتیژی ئەمریکا پێك دێنن لەناوچەکەدا، جا ئەگەر چۆن پێویست دەکا یان بکا ئەوان (ئەمریکا) نەخشەی بۆ دەگۆڕن و ڕێگا و جێگای شیاو (بەدیدی خۆیان)ی بۆ دەدۆزنەوەو کار لەسەر تەوزیف کردنی دەکەن و هەرجارەی شوێن و جێگایەك بۆ ئەم سیاسەتکردنەیان بەکاردەبەن. کوردیش ئەگەرلەماوەی ڕابوردوو بەگشتی و ئەوسێ ساڵەی دوای ڕووخانی رژێمی بەعس پێی وابووبێ، ئیتر ئەمریکا دۆستی نەگۆڕێتی و تەنانەت ئەگەر پشتیشی لێبکاتەوە (سەربازە ئەمریکییەکان) رۆڵی پاسەوانێتی بۆ ئەوان دەگێڕن یان دەبینن، ئەوا دەتوانین بێژین نەك هەڵە بەڵکو تەواو بێئاگایە و لەو دیو سنوری بێئگایشەوە مامەڵە لە تەك پێویستیەکانی دۆزەکەیدا دەکا، وەك چۆن بیکەرو هاملتۆن ناتوانن لەدەرەوەی سنوری ستراتیژی ئەمریکا بیربکەنەوە و هەموو ڕێگاکان دەگرنەبەر بۆ بەرجەستەبوون و بەدەست هێنانی ئامانجەکانی ئەمریکا، دەبێ کوردستان و سەرکردایەتییە سیاسیەکەی بە قەبارەی کێشەکەی خۆی و گرنگیەکەی، ستراتیژی نەگۆڕی هەبێ و سیاسەتیشی بۆ پاراستن و بەرەو پێش چوونی هەبێ. ئەگەر بێت و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ئەم ڕاستیە پشت گوێ بخا، ئەوا باجەکەی زۆر قورس دەبێ و بەئاسانیش قەرەبوو ناکرێتەوە. من بۆ خۆم هەڵوێتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بەفەرمی لەسەر پرۆژە پێشنیارەکەی (بیکەر- هاملتۆن) باش دەنرخێنم ، بەلام کێشە و گرفتی بنەڕەتی لەوەدا دەبینم کە ئەم هەڵوێستە لەئان و ساتی دەربڕین و

ڕاگەیاندنەکەیدا ، جۆرێك لەپەلە پرۆزێی پێوە دیارە و بابەتی تر و لۆژیکی تر بوو، پێش وەختی ئەوەی پرۆژە پێشنیاری دوو تویێ ڕاپۆرتەکە دەست بخاتە بینە ڤاقامان و هەرەشەی لێسەندنەوەی تێکڕای دەسکەوتە کەمە بەدەست هاتووەکانمان و ئەوانەی بەتەمایین بەدەستی بێنین و بەفەرمی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جێگیر کراوە لێبکا، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ورياتر و ژیرانەتر بیری بکردایەتەوەو خۆشخەیالْ نەبوایە و پێشنیارێکی وای بۆ گۆڕان لە سیاسەتی ئەمریکا بهێنابایەتە پێش چاوی خۆی و ڕێو شوێنی وەلامدانەوەی بۆ ئامادە بکردایە. ئەمریکا مافی خۆیەتی چۆن بیر دەکاتەوەو چی ڕێگایەك بۆ دەربازبوون لەو ڤەیرانەی کەتێی کەوتوە لەعێراق و ناوچەکەدا بگرێتەبەر، وەك چۆن کوردستانیش مافی خۆیەتی بیر بکاتەوە نەك خۆی بداتە دەست قەدەری ڕووداو پێشهاتەکان تابزان لە کوێوە سەر دەر دێنێ و لافاوی ڕووداوەکان لەچی کەنارێکی دلْ ڕەقدا ڕای دەگرێ. ئەمە خراپترین سیاسەتێکە کە ئێمە پێوەی دەگیر بووین و بەمەزەنە ئیشی لەسەر دەکەین.
ئەگەر تۆزێ ڕونتر قسەبکەین دەبێ بێژین چەند مانگە لیژنەکەی (بیکەر- هاملتۆن) کاردەکەن و چەند شوێن و جێگای مەبەست گەڕاون و پشکنیوە ، کەچی سەرکردایەتی سیاسی ئێمە لە ئاخرو ئۆخردا دەکەوێتە خۆو بەپەلە پروزێ هەلْوێست وەر دەگرێ؟ هەلْوێست وەرگرتن بەقەد ئەوە گرنگ نیە ئێمە لە کوێی پرۆژە پێشنیارەکەدابن و خوێندنەوەمان چی جۆرو بە کام ئاراستەیە بۆی. بڕوام وایە ئەگەر بێت و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەبەرامبەر دۆزی تێکچرژاوی عێراق و ئاراستەی ململانێ فرە ڕەهەندەکانیدا، ئاواهی خوێن ساردانە بجولێتەوە ئەوا قەدەرو چارەنوسی کوردستانی بوون باشتر نابێ لە قەدەرو چارەنوسی لە ڕوودا و و پێشهاتەکانی پێشوو، کەهەمیشە ڕەوایەتی کێشەی توور داوەتە کەنارو پەراوێزی بیرکردنەوەوە. بەکورتی دەمەوێ بلێم لەم قۆناغە هەستیارەی ململانێکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراق و بەرژەوەندییە هاوبەش و لە هەمانکاتدا یەکتر بڕەکانی وەلاتە زلهێزەنانی دنیا، کە پرۆژە پێشنیارەکەی (بیکەر- هاملتۆن) هەندێکیانی کردە کەفی سەر )ئاو) و هەندێکیانی کردە ئەمری واقیع پێویستە ئێمە چی بکەین؟ ئایا دەتوانین بەم شێوازەی ئێستامانەوە ڕوو بەڕووی ڕووداوو پێشهاتەکان ببینەوە؟ بڕوام وایە دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان شەقامی کوردی لەم بارو دۆخە تایبەت و هەستیارە بەئاگا بێنێتەوە یان ئەگەر شەقامی کوردی بەئاگایە لەو پێشهاتانەی کە ڕاپۆرتەکەی (بیکەر- هاملتۆن) خستوونیە ڕوو، ئەوا ئەرکی ئەو سەرکردایەتیەیە بکەوێتە پێشی چین و توێژەکانی خەلْك و چیتر بێدەنگی هەلْنە بژێرێ. بەواتایەکی تر سەرکردایەتی سیاسی کوردستان پێی وانەبێ بە تەنها هەلْوێست دەربڕینی خودی خۆی ئەرکی خۆی و شەقامی کوردی کۆتایی پێدێ و پێویست بەوە ناکا لەگەلْ شەقامی کوردیدا ڕێو شوێنی پێویست بۆ وەلام دانەوەی پێشنیارەکانی دوو تویێ پرۆژەکەی (بیکەر- هاملتۆن) بگرێتەبەر، بەلْکو پێچەوانەی ئەمە ڕاستە و ئەبێ بەجیدی و بەسەلیقەیەکی وردی سیاسیانە کاری لەسەر بکا.